# "لەگەڵ ئەوانەدا وا لەسەر دیوارەکە دانیشتوون"

ن: سەید عەلی ساڵحی

و: سەعید ئەمانی

لە سفرە نان و لە کتێب وشە،

چرا لە ماڵ و شکۆفەش لە هەنار،

ئاو لە پیاڵە و پەپولەش لە ئێوارە،

گۆرانیتان لە منالّ و بزەتان لە لێومان ئەستاندووە،

ئەی لەگەڵ خەون و ڕۆئیاکانماندا چی ئەکەن؟

*   *   *

ئێمە خەو ئەبینین و ئێوەش درۆ ئەکەن...

بە درۆ ئەڵێن ئەم کۆڵانە بونبەستە و

ئەو گۆترە باڵ کراوە، بێ ئاسمان و

سەبر و خۆ ڕاگری ئەستێرەش بێ سەرەنجام.

*   *   *

ئێمە لانکە بە کۆڵەوە لە مەترسی خەندەك و

لە ڕووباری زمهەریر ئەپەڕینەوە.

ئێمە دەزانین لە پشت تارمایی ئەم گشتە دیوارەوە

هێشتاش نیشانه گەلێکی ئاشکرای عەتری هۆگری و

سەلای ڕۆشنایی و پانتاییەك له ئەرغەوان له ئارادا.

* * *

سەرەنجام ڕۆژێك هەر لەم ڕۆژانەدا دەگەڕێینەوە

پەردە پواوە پڕ له پرسیارەکان لا ئەدەین و

پەنجێرە تا پەنجێرە... خەڵك ئاگادار دەکەینەوە که

لەو دیو تارماییەکانی ئەو گشتە دیوارەوە

باخێکی بەرین له بلووغی بولبول و دەرکی هەتاو و

پڕووشەی ڕۆشنی باران له ئارادا.

* * *

له ئاسمان ئەستێرەکان و له هەور باران،

ڕوانین له دەریا و زەمزەمەش له خەیاڵ،

کۆتر له کۆڵان و مانگیش له ئەویینداری،

ڕووبار له ڕەوت و ئاوتان له ئاوازی ئاوێنه سەندۆتەوە،

ئەی لەگەڵ ڕۆئیاکانماندا چی ئەکەن!؟

* * *

ئێمه خەو ئەبینین و ئێوە درۆ دەکەن...

بە درۆ ئەڵێن کە فانۆسیماڵەکە شکاوە و

شقارتەی ڕووداو کوژاوەیە و

جەماوەریش لە خەوی گریاندایە.

ئێمە دەزانین لەو دیو تارمایی ئەم گشتە دیوارەوە،

دەربیجەیەکی ڕووناک لە خەیاڵی شەونما و ئەستێرە ڕواوە.

* * *

سەرەنجام ڕۆژێك هەر لەم ڕۆژانەدا

دیدەبانانی ماچ و ڕازدارانی دەریا دێن و

هەواڵی دۆزینەوەی ئاسۆی ئەرغەوان و

سەڵای ڕۆشنایی و عەتری عەلاقە و هۆگری دێنن.

* * *

با وای دابنێین

سێبەرتان لە دار و پێوانەتان تان لە من،

خەوتان لە ڕێبوار و تەرازو تان لە تۆ،

ماچ لە باران و کیلە تان لە ئێمە،

ڕەگ تان لە خاك و خونچەتان لە چرای نێرگس ئەستاندووە،

ئەی لەگەڵ خەون و ڕۆئیاکانماندا چی ئەکەن!؟

# ئەی لەگەڵ خەون و ڕۆئیاکانماندا چی ئەکەن!؟

**سەرچاوە: گۆڤاری نیگا – دەفتەری** 21